The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak_org@yahoo.com

# پەیامی (چاک) سەبارەت بە بڕیاری 30 ساڵ زیندانی بۆ دکتۆر کەمال

دکتۆر کەمال بە تاوانی (تەشهیرکردن) بە چەند کەسایەتییەک, لە 19.12.2005 لە دادگایەکدا لە شاری هەولێر, 30 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا. دادگاییکردنی دکتۆر کەمال زۆر کوتوپڕانە بوو. دکتۆر کەمال تەنانەت نەیتوانیوە پارێزەرێکی تایبەتی هەڵبژێردراوی خۆیشی هەبێت و بەرگری لێ بکات. ئێمە پێمان وایە ئەم دادگاییکردنە, بە هیچ جۆرێک ناچێتە چوارچێوەی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەوە.

لە کاتێکدا 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمالدا دەسەپێندرێت کە دەیان و سەدان لە کۆنە بەرپرسانی بەعس و ئەنفالچییە کوردکوژەکان, ئازادانە بە بەرچاوی دەسەڵاتدارانەوە لە کوردستان و عێراقدا ژیانێکی ئاسایی دەبەنە سەر و لە گوڵ کاڵتریان پێ ناگوترێ.

چاک هەر لە سەرەتای شوێنبزرکردنی دکتۆر کەمال ەوە لە چەندین بەیاننامەدا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کێشەکە ئاشکرا کردووە و چەندین کار و چالاکیشی لە وڵاتاندا ئەنجام داوە, لە پێناوی ئازادکردنیدا.

لە کاتی ڕاگەیاندنی هەواڵی مانگرتنی دکتۆر کەمال لە نانخواردن و خراپی باری تەندروستی لە لایەن (چاک)ەوە , هەندێک گومانیان لە هەواڵەکانی چاک هەبوو بە هۆی ئەو هەواڵانەوە کە باسیان لە خۆشگوزەرانی دکتۆر کەمال دەکرد , ئێمە چونکە دڵنیا بووین لە هەواڵەکانمان, پەلەمان نەبوو و بە پێویستمان نەزانی سەرچاوە تایبەتەکانی خۆمان ئاشکرا بکەین, دڵنیابووین کە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ دێت و ڕاستیی ئەو هەواڵانە ئاشکرا دەبن. ئەمڕۆ ڕاستی ئەو هەواڵانە لە نامەکانی د. کەمالەوە و لە بڕیاری دادگاوە بۆ هەمووان ئاشکرا بوون و (چاک)یش سەربەرزانە سەربەخۆیی و ڕاستگۆیی خۆی سەلماندەوە.

پاش چاوپێکەوتنی نێوان دکتۆر کەمال و بنەماڵەکەی, چاک لە پێناوی یارمەتیدان و ڕەخساندنی بواری چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەکە لە ڕۆژی 10.11.2005 دا, لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند کە (( ***ئەگەر پێشێلکارییەکی نوێ بەرامبەر بە مافەکانی د.کەماڵ نەکرێت , هەموو چالاکییەکی تایبەت بەم دۆزە ڕوو لە دەرەوە ڕادەگرین , بەڵام بە ووردی چاودێری دۆزەکە دەکەین*** ))

هەروەها داوامان كردبوو كە لە كاتی یەكلاكردنەوەی كێشەكان لەلایەن دادگاوە ((هەموو مافەكانی د. كەماڵ لە دادگادا دابین بكرێن و هەموو بوارێک كە بۆ لایەنی بەرامبەر دەرەخسێت بۆ د.كەماڵیش برەخسێت)). دوواتریش لە ڕوونكردنەوەكەماندا هاتبوو ((ئێمە داواكارین , دادگا كراوە بێت بۆ هاووڵاتیان , هاوكات هەوڵ دەدەین پارێزەرانی بێسنوور لەم دادگاییكردنەدا بەشداری بكەن و (چاک)یش پارێزەری تایبەتی خۆی لە دادگادا ئامادە بێت.))

لە كۆتایی ڕوونكردنەوەكەماندا هاتبوو ((هاوكات ڕایدەگەیەنین , هەر پێشێلكردنێكی مافەكانی د.كەماڵ هەست پێ بكەین , یان ....... , ئەوا چاک ناچارە جارێكی تر چالاكییەكانی دەست پێ بكاتەوە و ئەو ڕەفتارانە لە كوردستان و لە دەرەوە ڕیسوا بكات و ......))

چاک بەرامبەر بە بڕیار و پەیمانەكانی خۆی ڕاستگۆیە و ڕاستگۆش دەبێت. ئێمە پێمان وایە هیچ لەو داواكارییانەی سەرەوە لە دادگاییكردنی دكتۆر كەمالدا لەبەرچاو نەگیرابوون كە چاک خستبوویە ڕوو و لە ئەنجامدا بڕیاری 30 ساڵ زیندانیكردنی دكتۆر كەمال درا. پێمان وایە ئەمە پێشێلكردنێكی ئاشكرای مافەكانی دكتۆر كەمال و مافی مرۆڤ بە گشتین و ئەو بڕیارە هەرگیز لە جێی خۆیدا نییە.

ئێمە لە سەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە, بەم پەیامە, دەستپێكردنەوەی چالاكییەكانمان ڕادەگەیەنین و داوا لە گشت بەشەكانی (چاک) لە وڵاتان و ئەندام و دۆستانی چاک و سەرجەم ڕۆشنبیران و ڕۆڵەكانی گەلەكەمان دەكەین كە لە چوارچێوەی كار و چالاكی شارستانییانەدا, بە هاوكاری ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی و ڕێكخراو و دەزگا هاوشێوەكانی تر, گشت هەوڵێكیان بخەنە گەڕ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد (چاک).**

**2005/12/21**

**www.chak.info**

**chak_org@yahoo.com**